# هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران

## توێژینەوەیەک دەربارەی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

نووسین و ئامادەکردنی

**تریفە حامد سۆفی**

توێژەر، ماستەر لە کۆمەڵناسی

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری
دەزگای وێستمنستەر بۆ دیموکراتی – بەریتانی WFD ئامادەکراوە
لە چوارچێوەی پرۆگرامی پشتیوانی و هاوکاریکردنی
سەنتەری تۆژینەوەی پەرلەمانی کوردستان

# توێژینەوەیەک دەربارەی بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٢ |
| مێتود | ٢ |
| کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی بیمەی کۆمەڵایەتی | ٢ |
| سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Social Policy) | ٢ |
| خۆشگوزەرانی(Welfare) | ٣ |
| مۆدێلی لیبراڵ | ٣ |
| مۆدێلی کۆنسەرڤاتیڤ | ٣ |
| مۆدێلی سکەندیناڤی | ٤ |
| هەرێمی کوردستان و بیمەی کۆمەڵایەتی | ٤ |
| هەڵبژاردنی مۆدێلێک کە نزیک بێت لە ڕەوشی هەرێمی کوردستان | ٥ |
| شیکاریەک بۆ ئەو یاسا و پرۆژە یاسایانەی کە تایبەتن بە بیمە و هاوکاری دارایی | ٦ |
| ڕەوشی ئێستای بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان | ٨ |
| چەند تێبینیی و پێشنیارێک لەبارەی پرۆژەیاسای چاودێری وهاریکاری کۆمەڵایەتی | ١١ |
| خەمڵاندنی دارایی بۆ پرۆژەی چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی ٢٠١٤ | ١٤ |
| ڕاسپاردەکان | ١٨ |
| سەرچاوە | ٢٠ |

## پێشەکی

بۆبەدیهێنانی هەرێمێکی خۆشگوزەران و پەرەپێدانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دادپەروەرانە، هەروەها بۆپێدانی ژیانێکی شایستە بەتاکەکانی کۆمەڵگا، هەرێمی کوردستان پێویستی بە سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی هەیە. مەبەست لە بیمەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە سیستەمێک بۆ دابین کردن و بەهێزکردنی عەدالەتی دارایی و کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، واتە ئەرکێکی گشتی دەوڵەتە کە هاولاتیانی بپارێزی و بەرپرسیاریتی دەوڵەتە کە ژیانێکی شایستە بۆ هاولاتیانی دابین بکات، ئەمەش لەرێگای پێدانی ئاسایشی دارایی بە هاولاتیانی لە کاتی کەم توانایی، نەخۆشی و بێکاری یان بە هەرهۆیەکی تر بێت. بە واتایەکی تر دەوڵەت هەڵدەستێت بە قەرەبوەکردنەوەی دارایی یان هاوکاری دارایی بۆ ئەو کەسانەی کە داهاتی مانگانەیان لەدەست داوە، نییانە، یاخود بەشیان ناکات جا بە هۆی بێکاری، نەخۆشی،پیری، چاودێری منداڵ یان بە هەر هۆیەکی تر بێت. پرینسیپی سیستەمەکە بریتیە لەدابینکردنی بواری یەکسان بۆ هاولاتیان و دابەشکردنێکی یەکسانی خۆشگوزەرانی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا.

## مێتود

سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە یاساو پرۆژە یاساکانی پەرلەمان دەربارەی بیمە و هاوکاری کە لە خولی چوارەم وخولەکانی تر دەرچوون. لە هەمان کاتدا سوودوەرگیراوە لە رێنمایی و داتا و ئامارەکانی سەر بە وەزارەتی پلان دانان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی دارایی و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هەروەها بریار و فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران.

لەهەمان کاتدا دیداری ڕووبەڕوو یاخود بە تەلەفۆن یان بە نوسراو لە ڕیگەی ئیمەیڵ سازدراوە لەگەڵ بەشێک لە بەڕیوەبەرەگشتیەکان، بەڕێوەبەری بەشەکان، ڕاوێژکاران و کەسانی شارەزا سەر بە وەزارەتەکانی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، دارایی، پلاندانان و خوێندنی باڵا. ئەمەش بەمەبەسی ئاگاداربوون لەڕەوشی بیمە و هاوکاری لە هەرێمی کوردستان و بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ڕاست و دروست. هاوکات لە پرۆسەی ئەنجامدانی توێژینەوەکە ڕاو سەرنجی هەندێک لە ڕاوێژکارانی پەرلەمانی وەرگیراوەبە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە. دواجار دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم داتا و زانیارەکان کراوە، بێلایەنانە داتاکان کۆکراونەتەوەو لێکدانەوەیان بۆ کراوە و خراونەتە ڕوو.

## کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی بیمەی کۆمەڵایەتی

زۆرێک لە وڵاتانی جیهان جۆرێک لە بیمەی کۆمەڵایەتیان هەیە بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا. بۆ نموونە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٤٨ سیستەمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی گشتی پەیڕەو کردووە، نەتەوەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا پرۆگرامێکی پەیرەوکرد، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥ بۆ ١٩٣٨، بۆ داڕشتنی چەندین یاسای کۆمەڵایەتی بە مەبەستی بە دیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگادا. وڵاتانی ئەسکەندەنافیش جۆرێکی گشتگیری دڵنیایی کۆمەڵایەتی پەیرەو دەکەن. گەر بێینە سەر وڵاتانی خاوەن نەوت وەک سعودیە، کوێت، قەتەر، عەمان و ئیماراتی عەرەبی، ئەمانیش چونەتە ڕیزی وڵاتانی خۆشگوزەرانەوە، بەڵام خۆشگوزەرانی ئەم وڵاتانە سنور دارە بەو مانابیەی کە تەنها ئەو کەسانە سوودمەند دەبن لە سیستەمی خۆشگوزەرانی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەن.
چەمکی بیمەی کۆمەڵایەتی زۆر پەیوەندیدارە بە دوو چەمکی ترەوە کە ئەوانیش بریتین لە چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی(Social Policy) و خۆشگوزەرانی (Welfare).

### سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Social Policy)

مەبەست لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە کۆمەڵێ کردارو بە دواداچوون کە دەوڵەت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێی هەڵدەستێ بە مەبەستی دابینکردنی ژیانێکی شایستە و خۆشگوزەران بۆ هاوڵاتیان، یان بە واتایەکی تر بۆ مەبەستی ڕێگرتن یان چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان. نموونە بۆ هەندێک لەو کردارانە کە دەوڵەت پێی

هەلدەستێ بریتیە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان، ئەگەر تەنانەت تاڕادەیەکی سنووردارێش بێت، بنیاتنان و دروستکردنی جێگەی نیشتەجێبوون و خوێندنگەو باخچەی ساوایان، کە لە هەمان کاتدا دەرفەتی کار دەرەخسێنێت. هاوکات دروستکردن و باشکردنی ئاستی شوێنگە چاکسازیە مرۆییەکان. هەندێکی تر لەم کردارو بە دواداچوونانە کە دەچێتە چوارچێوەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی بریتیە لە دابینکردنی چاودێری و پاراستنی نەخۆش و پیروپەککەوتە، یان پاراستنی تاک لە کاتی بێکاری. سیاسەتی کۆمەڵایەتی هاوکات سیاسەتێکی"ڕێگرانە"ی (preventive)هەیە، بە واتای ڕێگرتن لە ڕوودانی هەر ڕووداوێک کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئارامی و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگا، ئەمەش لە ڕێگای بۆ نموونە دارشتنی چەندین یاسا وەک یاسای ڕێکخستنی کار، دیاریکردنی کاتژمێری کارکردن و پشوو، دەرکردنی یاسای پێشوەخت بۆ پاراستنی مافی کرێکار لە هەموو ڕوویەکەوە، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی داهاتی دارایی مانگانە لە نێوان تاکەکاندا، هاوکات هەوڵدان بۆ باشکردنی بژێوی ژیانی ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیە، دەرئەنجام کۆمەڵگا دەتوانێت ژیانێکی ئارام بە هاوڵاتیانی ببەخشێت.

### خۆشگوزەرانی (Welfare)

گەر بێینە سەر باسێکی کورتی خۆشگوزەرانی، مەبەست تێیدا ئەوەیە کە دووبارە دابەش کردنەوەی دەستکەوت و داهاتەکان لە کۆمەڵگا بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا، کە ئەمەش لە لایەن چەند دامەزراوەیەک ودامودەزگایەکی کۆمەڵایەتیەوە جێبەجێ دەکرێن، دەرئەنجام عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدی دێت لە کۆمەڵگا. خۆشگوزەرانی سێ مۆدێلی بەرچاوی هەیە لە دنیای کاپیتالیزمی سەردەم: مۆدێلی لیبراڵ، مۆدێلی کۆنسەرڤاتیڤ و مۆدێلی سکەندەناڤی.

#### مۆدێلی لیبراڵ

بنەمای مۆدێلی لیبراڵ بریتیە لە دابین کردنی خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگا لە سەر بنەمای دابەشکردنی داهات و دەستکەوتەکان، خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و تەئمینات لە بازاری کاردا. سیاسەتی گشتی کۆمەڵایەتی لەم مۆدێلە تا ڕادەیەک سنوردارە بەو مانایەی فۆکوس دەکەوێتە سەر تەنها هەژارەکان و کەمدەرامەتەکان لە کۆمەڵگادا. هاوکات سیستەمی باج کز و سنوردارە، نموونە بۆ هەندێ وڵات کە ئەم جۆرە مۆدێلەی خۆشگوزەرانیەی تێدا پەیرەو دەکرێ بریتین لە وڵاتانی کەنەدا، نیوزلاند، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوستورالیا. لەم مۆدێلەدا بەشێکی گەورەی کەرتی تایبەت و ئەو کەرتە خزمەتگوزاریانەی کە داهاتێکی کەم و سنوردار دەدەن بە تاکەکان، بوارێکی فراوان دەدەن بە ژن کە بێتە بازاڕی کارەوە. لە ڕووی سیاسیەوە داڕێژەرانی بیرۆکەی ئەم مۆدێلە بریتین لە چینی سەرەوە لەگەڵ چینی ناوەند کە بژێویان زۆر باشە، بەم شێوەیە چینی هەژار پەراوێز دەخرێ لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. نمونەش بۆ ئەم جۆرە سیستەمە بریتییە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

#### مۆدێلی کۆنسەرڤاتیڤ

لەم مۆدێلەدا دەوڵەت گرینگیەکی بەرچاو دەدات بە دڵنیاییە کۆمەڵایەتییەکان لە شێوەی سندوقی جیاواز بۆ گروپی جیاواز. سەرچاوەی دارایی ئەم سندوقانە بە هاوبەشی دەوڵەت، تاک و خاوەن کار دابین دەکرێت. قەرەبووی دارایی دەدرێت بە تاک لەسەر بنەمای ئاستی بەشداری کردن لە سندوق. لەم مۆدێلەدا دڵنیاییە کۆمەڵایەتییەکان بەستراونەتەوە بە خاوەن کارەکانەوە، وە چاودێری کردنی منداڵ و پیر لە ئەستۆی خێزانە، بە بەراورد بە مۆدێلی لیبراڵ، ئاستی بەشداری کردنی ژن لە بازاڕی کاردا زۆر کەم دەبێتەوە. لەم مۆدێلەدا فۆکوس زیاتر دەکەوێتە سەر خێزان نەک تاک، لێرەدا ڕۆڵی خێزان زۆر بەگرینگ دادەنرێ، زۆربەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی خێزان بەڕێوەدەچی بۆ نموونە چاودێری کەسوکاری پیر وپەککەوتە و چاودێری منداڵ. لێرەدا قەرەبوو و هاوکاریی دارایی کە تایبەتە بە دڵنیاییە کۆمەڵایەتیەکان دەدرێت بە تاک لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەو تاکە داهاتی مانگانەی پێشتر چەند بووە. لێرەدا جیاوازی داهاتی دارایی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا زیاد دەکات. لە ڕووی سیاسیەوە فکرەی ئەم مۆدێلەدامەزراوە لەنێوان ئەو کەسانەی کە لە بازاری کاردا جێگایەکی دیاریان هەیە، بەشی

سەرەوەی چینی کرێکار، چینی ناوەند، هەروەها خاوەن کۆمپانیای بچووک و مامناوەندی. نموونەش بۆ ئەوولاتانەی کە ئەم سیستەمەیان تێدا پەیڕەو دەکرێ بریتین لە ولاتانی یابان، ئیتالیا و ئەڵمانیا.

**مۆدێلی سکەندیناڤی**

ئەم مۆدێلەی خۆشگوزەرانی پێشی دەوترێت مۆدێلی سۆسیال دیموکراتی کە ئامانج لەم مۆدێلە بریتیە لەدابین کردنی دڵنیاییەکی گشتگیر بۆ سەرجەم هاولاتیان.  ئەم سیستەمە رێکخراوە لە سەر بنەمای باج، واتە هەموو کەسێک کە کار دەکات و داهاتی مانگانەی هەیە پێویستە باج بدات. هەموو خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن سێکتەری گشتییەوە بەرێوە دەچێ. هاوکاریی و قەرەبووی دارایی دەدرێت بە تاک و باج لەتاک دەسێنرێ، واتە فۆکوس لەسەر تاکە نەک خێزان. بەشداریکردنی ژن لە بازاری کاردا زۆر فراوان ترە بە بەراورد لەگەڵ مۆدێلەکانی تر. سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەم مۆدێلە بریتیە لە دووبارە دابەش کردنەوەی دەستکەوت و داهات بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. لە ڕووی سیاسیەوە بیرۆکەی ئەم مۆدێلەدامەزراوە لەنێوان چینی کرێکار و چینی ناوەند. ئەم سیستەمە وا دەکات کە ویست و ئارەزووی ئەم دوو چینە بەیەکەوە ببەسترێتەوە، جیاوازی داهات و دەرامەت و دەستکەوت مامناوەندیە لە نێوان چینەکاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی بازاڕی کار لە سەر بنەمای باج و هاوکاری رێکخراوە. ئەم مۆدێلە لە ولاتانی باکوری ئەوروپا پەیڕەو دەکرێ (Nordic countries) وەک سوید، دانیمارک و نەرویج .

## هەرێمی کوردستان و بیمەی کۆمەڵایەتی

گەر بێینە سەر ڕەوشی بیمە لە هەرێمی کوردستان ئەوا دەبینین کە لەم سالانی دوایی دا چەند یاسا و پرۆژە یاسایەک دەرچوون بە مەبەستی هاوکاری و دابینکردنی داهاتێکی مانگانە بۆ ئەو کەسانەی  کە هەژارن، خاوەن پێویستی تایبەتن، نەخۆشن، هاوکاری تایبەت بە بێوەژن و ژنی ماڵ و خوێندکار...هتد. بەلام ئەم هاوکاریانە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی دابەش نەکراون، بەڵکو تارادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بووە و نایەکسانیەکی زۆری تێدایە، بە واتای ئەوەی کە هەموو ئەوانەی کە پێویستە بیمە بیانگرێتەوە نەیگرتوونەتەوە. بەشێکی تری هاوکاری کە دەدرێت بە هاولاتیان لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە پێشکەش دەکرێت، ئەمەش لە سەر بنەمای سۆزداری بووە بۆ ئەو پارتە. ئەگەر بمانەوێت هەموو ئەو هاوکاریانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەدرێت بە هاولاتیان چ لە لایەن کەرتی حکومی بێت یان لە لایەن پارتەکانەوە بێت، بە شێوەیەکی باشتر دووبارە ڕێکبخرێتەوە، پێویستیمان بە سیستەمێکی بیمەیی هەیە لە هەرێمی کوردستان.

هۆکارێکی تر کە وادەکات پێویستیمان بە سیستەمی بیمەیی هەبێت بریتیە لە بوونی "بێکاری شاراوە" لە نێو دامودەزگاکانی حکومەتدا، مەبەست ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری فەرمانبەر دامەزراوە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت کە زۆر زیاترە لە رێژەی پێویست. ئامانج لە دامەزراندی ئەو ڕێژە زۆرە تەنها بۆ جێکردنەوەی کەسانی زیاترە، واتە تەنها بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی مانگانەیە بۆ ئەو کەسانە. ئەمەش لەلایەکەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵئاوسان لە ڕێژەی فەرمانبەران، لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی بیرۆکراتیەکی ناپێویست لە دامودەزگاکاندا. بەلام  بە بوونی سیستەمی بیمەی کۆمەلایەتی دەتوانرێ بژێوی ژیان بۆ ئەو کەسانە دابینبکرێ و ڕێگریش بکرێ لە بێکاری شاراوە.

چەندەها هۆکاری تر هەن کە پێویستی بوونی سیستەمی بیمەی کۆمەلایەتی دوپات دەکاتەوە بۆ نموونە گەربێینە سەر باسی چینی خوێندکار ئەوا سالانە چەندەها خوێندکار قۆناغی ئامادەیی تەواو دەکەن بێ ئەوەی لە هیچ یەک لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەربگیرێن، یان بێ ئەوەی بتوانن کارێکیان دەستکەوێت. چەندەها خوێندکاری تر هەن کە دەرچووی پەیمانگاو زانکۆکانن بەلام نە دامەزراون نە ئیشێکیان دەستدەکەوێت لە بازاڕی کاردا، چەندەها تاک هەیە لە کۆمەڵگا کە نەیان توانیوە خوێندن تەواو بکەن لە بەر هەر هۆکارێک بێت و هیچ داهاتێکی مانگانەیان نیە. هاولاتی هەیە لە هەرێمی کوردستان کە بێکەس و کار ماونەتەوە جا منداڵانی بێ دایک و باوک بن، یان ئەو کەسانە بن کە پیر بوون و کەسیان نیە بەخێویان بکات، یان ژن هەیە کە خۆیی و منداڵی لە ئەنجامی تەلاقی خیزانی بێ

داهاتی مانگانە ماونەتەوە، ئەمانە و دەیان نموونەی تریش هەن کە زەرورەتی بوونی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی دوپات دەکاتەوە.

## هەڵبژاردنی مۆدێلێک کە نزیک بێت لەڕەوشی هەرێمی کوردستان

لێرەدا شیکاریەک بۆ مۆدێلەکانی خۆشگوزەرانی دەکرێت کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەڕەچاوکردنی ڕەوشی هەرێمی کوردستان. گەر بێینە سەر هەڵبژاردنی مۆدێلێکی گونجاو بۆ ڕەوشی هەرێمی کوردستان ئەوا دەتوانین بڵێن کە تێکەڵیەک لەم مۆدێلانە سەرەوە دەکرێ گونجاو بێت. لەبەر چەند هۆکارێک: لەلایەک سیستەمی باجی هەرێم سنوردارە بەومانایەی کە باج لەسەر داهاتی هەموو کەسێک نیە، داهاتی گشتی دەوڵەت تا ڕادەیەکی بەرفراوان پشت دەبەستێت بە داهاتی فرۆشتنی نەوت نەک باج وەرگرتن، بۆیە مەودای بیمەیی لەم کاتەی ئێستادا دەکرێت سنورداربێت لە هەرێمی کوردستان، بە واتای ئەوەی کە فۆکوس بکەوێتە سەر تەنها کەمدەرامەتەکان و هەژارەکان نەک هەموو هاوڵاتیان. وەک ئەوەی کە لە مۆدێلی لیبراڵ پەیڕەو دەکرێ. بەڵام هاوکات گەر بمانەوێت دووبارە داهات و دەستکەوتەکان بە شێوەیەکی تەواو یەکسان لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دابەش بکرێتەوە ئەوا دەکرێت هەوڵبدرێت کە هاوشێوەی سیستەمی سکاندەناڤی پەیرەو بکرێت، ئەمەش سەرەڕای نەبوونی سیستەمێکی گشتگیری باج. بەڵام لەبەر ئەوەی کە داهاتی دەوڵەت تاڕادەیەکی بەرفراوان پشت دەبەستێ بە پارەی فرۆشتنی نەوت کە سامانێکی سروشتیە دەکرێت هەموو هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە تێیدا سودمەند بن، بۆیە پێویستە سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی هەبێت کە بتوانێت بژێوی ژیانێکی شایستە بۆ هەموو هاوڵاتیان دابین بکات.

سیستەمی بیمەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی پراکتیکیەوە وا چاوەڕوان دەکرێ لەگەڵ ڕەوشی دارایی هەرێم بگونجێندرێت، بەواتایەکی تر جێبەجێکردنی سیستەمی سکەندەناڤی وەک خۆی ئاسان نیە، لەبەرئەوەی لەلایەکەوە خەرجیەکی زۆری تێدەچێت کە ڕەنگە لەتوانای ئێستای هەرێم دا نەبێت، داهاتی سەرەکی هەرێم لە کاتی ئێستادا پێک دێت لە١٧٪ی داهاتی فرۆشتنی نەوتی عێراق، لە لایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان تا ئێستا سیستەمێکی گشتگیری باجی نیە بەومانایەی کە باج بکەوێتە سەر داهاتی مانگانەی هەموو کەسێک ئەمەش خۆی پەیوەندیدارە بە کەمی یاخود نزمی ئاستی موچە لە هەرێم.

یەکێک لە ئامانجەکانی سیستەمی بیمەی سکەندەناڤی، بێجگە لە دادپەروەری، بریتیە لە بەدیهێنانی هاوسۆزی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بەواتایەکی تر لەبەر ئەوەی سیستەمی بیمەی سکەندەناڤی تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای ئەو باجانە دروست دەبێت کە دەکەوێتە سەر داهاتی هەموو کەسێک، بەڕێژەیەکی زۆریش ئەوانەی کە داهاتیان بەرزە، لەپێناو ڕێگریکردن لە دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان چینی هەژارو دەوڵەمەند لە گۆمەڵگادا دەوڵەت هەستاوە بە دابەشکردنی بیمە بۆ سەر دوو بەش:

١. بیمەی گشتی: بریتیە لەو هاوکاریەی کە بە یەکسانی دەدرێت بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، وەک هاوکاری مانگانە بۆ منداڵی خوار تەمەنی ١٨ساڵی. یەکێک لە ئامانجەکانی بیمەی گشتی بریتیە لە گەڕاندنەوەی برێک لەو پارەیەی کە دەوڵەمەندەکان دەیدەن بە دەوڵەت لەشێوەی باج، ئەمەش بۆ ڕازیکردنی ئەوکەسانەیە کە خاوەنی داهاتی بەرزن لە کۆمەڵگا، بۆ ئەوەی ئەو چینە هەست بەوە نەکات کە دەوڵەت باجێکی زۆریان لێ دەستێنێت بێ ئەوەی کە خۆیان تێیدا سودمەند بن، بیمەی گشتی وادەکات کە هەموو هاوڵاتیان بەجۆرێک سودمەند بن لە بیمەی کۆمەڵایەتی کە بەشێک لەو پارەیەی بە شێوەی باج دەیدەن بە حکومەت بۆیان بگەڕێتەوە بە یەکسانی لەشێوەی بیمەی گشتی.

٢. بیمەی تایبەت: ئەو هاوکاریە دەدرێت بەپێی داهاتی کەسەکان، واتە ئەگەر هاوڵاتی داهاتی مانگانەی بەشی بژێوی نەکات، یان داهاتی نەبێت، دەوڵەت لەسەرێتی کە ئەو کەسە بژێنێت، وەک هاوکاری بۆ کرێی خانوو، هاوکاری بۆ خێزانی خاوەن منداڵ، یان کەم دەرامەت و هتد.

لەهەرێمی کوردستان ئەو سیستەمەی دەمانەوێت دایبمەزرێنین بەشی زۆری تێچوونەکەی دەکەوێتە سەر داهاتی فرۆشتنی نەوت کە برەکەی دیاری کراوە، بۆیە حکومەت لە کاتی ئێستادا توانای پەیرەوکردنی سیستەمی سۆسیالی سکاندەناڤی نیە، سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی لەهەرێمی کوردستان پێویستە لەگەڵ ڕەوشی ئێستای هەرێم بگونجێندرێت، بەواتایەکی تر وەک قۆناغی یەکەم دەکرێت فۆکوس بکەوێتە سەر بێ داهاتەکان، هەژارەکان، کەمدەرامەتەکان و کەم تواناکان. لە دامەزراندنی سیستمێکی لەو جۆرە پێویست ناکات ترسمان لەدروستبوونی ناکۆکی هەبێت لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بەومانایەی کە ئەوانەی خاوەنی داهاتی بەرزن یاخود بژێوی ژیانیان باشە بەشداریان لە دروستبوونی سیستەمی بیمەیی نەکردووە، وەک لە مۆدێلی سکەندەناڤی باسی لێوەکرا، بۆیە دەوڵەت لەکاتی ئێستادا ناچار نیە کە بیمە بە هەموو کەسێک بدات (واتە ئەوانەی کە بژێوی ژیانیان باشە یان دەوڵەمەندن) لەکاتێکدا کە داهاتی دەوڵەت بەشی ئەوە ناکات. پەڕینەوە یەکسەر بۆ مۆدێلی سکەندەناڤی گشتگیر ئاسان نیە و مەترسی هەیە جێبەجێ نەکرێ، ئەگەر حیساب بۆ سەرچاوەی دارایی و پێویستییە تەکنیکییەکان نەکرێت و ئەم پێویستییانە لەبەردەست دانەبن.

## شیکاریەک بۆ ئەو یاسا و پرۆژە یاسایانەی  کە تایبەتن بە بیمە و هاوکاری دارایی

لە پەرلەمانی کوردستان چەند پرۆژە یاسەیەک لە بەردەست دایە بە مەبەستی دابینکردنی بیمە و هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان. پرۆژەکان دەکرێ پۆلێن بکرێن لەسەر بنەمای دیاریکردنی گرووپی ئامانجی پڕۆژەکان، بۆ نموونە: گرووپی ژن، منداڵ، بەساڵاچووان، خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵاکان و دڵنیایی کۆمەڵایەتی. لە خوارەوە بەکورتی ئاماژە بە پرۆژەکان دەدرێت بەڵام فۆکوسی سەرەکی دەکەوێتە سەر پرۆژە یاسای "چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیە تا ڕادەیەکی زۆر بریتیە لە پرۆژە یاسایەکی گشتگیر کە تییدا هەوڵدراوە هەموو ئەو ئامانج و بیرۆکانە لە خۆبگرێت کە لە پرۆژەکانی تایبەت بە چاودێری، هاوکاری و بیمە ئاماژەیان پێدەکات.

دەربارەی گرووپی ژن ئەوا چەندین پرۆژە هەیە کە بریتین لە: (پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ)، (بیمەی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی ناو ماڵ)، (هاوکاری بۆ ئافرەتی بێ هاوسەر)، (پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنی ماڵەوە). ئامانج لەو پرۆژانە بریتیە لە دابینکردنی داهاتێکی مانگانە بۆ ژن بۆ ئەوەی کە ژن سەربەخۆیی ئابوریی خۆی بپارێزێ ونەبێتە پاشکۆی پیاو، ئەمە سەرەڕای بوونی هەندێ جیاوازی لە برگەکانی پرۆژە یاساکان لەڕووی مەرج و مافەوە بۆ دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژن. بۆ نمونە لە پرۆژە یاسای (پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنی ماڵەوە) و (بیمەی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی ناو ماڵ) باس لە فیئەی "قەیرەکچ" دەکات، کە ئەو کچانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لە سەرو ٤٠ ساڵیەوەیە، لە پرۆژە یاسای (هاوکاری بۆ ئافرەتی بێ هاوسەر) گرووپی "قەیرە کچ" هەر کچێک دەگرێتەو کە تەمەنی لەسەرو ٣٥ ساڵیەوەیە. ئەگەر هاتوو ئەندامانی ئەو گروپە نەتوانن کاربکەن یان کاریان دەست نەکەوێت لەبەر هەرهۆکارێک بێ، لە هەمان کاتیشدا هیچ داهاتێکیان نەبێت، ئەوا لەسەر حکومەت پێویستە کە داهاتێکی مانگانەیان پێبدات. ئەم برگەیە لە یاساکانی تر بەو شێوەیە باس نەکراوە بەومانایەی کە فۆکوس بەدیاریکراوی ناکەوێتە سەر تەمەن. جیاوازی تر هەیە بەڵام من لێرە نایەمە سەر باسێکی وردی جیاوازیەکان کە لە پرۆژەیاساکانی تایبەت بە بیمە و هاوکاری هەیە بۆ گرووپی ژن، لەبەرئەوەی ئامانج لێرەدا زیاتر ئەوەیە کە چۆن بتوانین یاسایەکی بیمەی گشتگیر دابرێژین سەبارەت بە بیمەی کۆمەڵایەتی.

دەربارەی گرووپی"کورتەباڵاکانیش" ئەوا پرۆژەیاسا هەیە لە پەرلەمانی کوردستان کە تیایدا مافەکانی کوتەباڵاکانی تێدا خراوەتە ڕوو. بۆنموونە کە دەبێت موچەیەکی مانگانەیان بۆ ببڕدرێتەوە بۆ ئەو کورتەباڵایانەی کە پەککەوتوون و پلەی پەککەوتنیان لەسەروو ٥٠٪ دایە، دابینکردنی بیمەی تەندروستی و لەگەڵ کۆمەڵێ ئیمتیازاتی تر.

بۆ گرووپی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت ، یاسایەک لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەرچووە لە ٢٠١١/١٢/٣١. بەپێی یاساکە کۆمەڵێ ماف وئیمتیازات بۆ ئەو گروپە دیاریکراوە. ئامانجی یاساکە بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە دابینکردنی داهاتێکی مانگانە بۆ زامنکردنی بژێوی ژیانیان، لەهەمان کاتدا بریتیە لە دابینکردنی

چاودێری، پاراستن، مەشق و شیاندن بۆ دۆزینەوەی کار و هتد. هەموو حوکمەکانی ئەو یاسایە بەسەر گروپی کوتەباڵاکانیش جێبەجێ دەبێت.

دەربارەی گروپی بەساڵاچووانیش ئەوا پرۆژەیاسایەک هەیە کە لەلایەن "کۆمەڵەی ئومێد بۆ بەساڵاچووان لە کوردستان" پێشکەشکراوە بە پەرلەمان و دووجار پێشکەشکراوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بۆ خوێندنەوەی یەکەم لە ساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٤. هەر لە ساڵی ٢٠١٤ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. لەم پرۆژەیەدا فۆکوس دەکەوێتە سەر دابینکردنی چاودێری کۆمەڵایەتی، ئابوری، نیشتەجێبوون، تەندروستی، دەروونی و ڕۆشنبیری بۆ بەساڵاچووان. بەساڵاچوو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هاونیشتیمانین، یان ئەو عێراقیانەی کە دانیشتووی هەرێمن بۆ ماوەی ١٠ ساڵ زیاتر. ژن تەمەنی لە ٦٠ ساڵ و پیاو لە تەمەنی ٦٥ ساڵ بە بەساڵاچوو هەژماردەکرێت. بەساڵاچوو دەتوانێت یان لە بنکەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەساڵاچووان بژێت یان لە نێوخێزانی خۆی بژیت و سوودمەند بێت لە چاودێری و خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان کە پێشکەش بە بەساڵاچوو دەکرێت. لە بنکە بەخۆڕایی سەرجەم پێداویستەکانی مانەوە و تێچوونەکانی گیرفان و پارەی جل و بەرگ دابیندەکرێت بۆ بەساڵاچووی کەمدەرامەت. گەر هاتوو بەساڵاچوو توانای دارایی باش بوو ئەوا بڕەپارەیەک لە بەساڵاچوو وەردەگیرێت لەبەرامبەر مانەوەی لە بنکەکە و ئەمەش بە ڕێنمایی دیاریی دەکرێت لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار. بە پێی ئەوپرۆژەیە سەرجەم خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان کە لەلایەن نەخۆشخانە حوکومییەکان پێشکەشدەکریت بەخۆڕایی پێشکەش بە بەساڵاچوو دەکرێت.

دەربارەی گروپی منداڵیش ئەوا پرۆژە یاسایەک هەیە لەژێر ناوی "بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵانی بێ باوک". لەم پرۆژەیە هەوڵدراوە کە بڕە موچەیەک بۆ ئەو منداڵانە ببڕدرێتەوە و هەندێک ئیمتیازات و بەراییان پێبدرێت لە هەندێک کەیس دا وەک بەرایی پێدان لەکاتی دامەزراندن پاش تەواوکردنی خوێندن و بەخشینیان لە پێشینەی هاوسەرگیری. ئەمە ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە باوکیان نیە، جا باوکیان مردبێ یان بێ سەروشوێن بێت.ئەمە هەوڵێکی زۆر چاکە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ئەو گروپە.

هەر دەربارەی هاوکاری دارایی بۆ هاوڵاتیان پرۆژەیەکی تر هەیە لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان بە ناوی "پشکی هاونیشتیمانیان لە سامانە سروشتیەکان" کە خوێندنەوەی بۆ کراوە، ئامانج تێیدا بریتیە لە کردنەوەی سندوقێک بۆ پشکی هاوڵاتیان، بەپێی ئەم پرۆژەیە ( ٥ لە سەدی کۆی گشتی داهاتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان) دەخرێتە ناو ئەو سندوقەوە و ساڵانە بە یەکسانی بەسەر هەموو هاوڵاتیان دابەش دەکرێت. ئامانجی سەرەکیش بریتیە لە دابینکردنی بەشێکی سەرەکی بژێوی ژیان بۆ هەموو هاوڵاتیان.

لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دا پرۆژە یاسایەک هەبوو بەناوی "پرۆژە یاسایی دڵنیایی کۆمەڵایەتی" کە لەخولی چوارەم پێشکەش کراوەتەوە تا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت، تا ساتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە خوەێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوبوو، ئامانج لە پرۆژە یاساکە بریتیە لە دابینکردنی دڵنیایی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە کار دەکەن یاخود کاریان کردووە و ئێستا بێکارن لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت. ئەمەش لە ڕێگای دامەزراوەیەک دەبێت بۆ دڵنیایی کۆمەڵایەتی. لەهەمان کاتدا جۆرەکانی گرێبەستی کارکردن و ئەرک ومافەکانی کرێکارو خاوەن کاری بەرامبەر بە یەکتری و بەرامبەر بە دەزگای دڵنیایی کۆمەڵایەتی دەستنیشان کراوە. ئەرکی دەزگای دڵنیایی کۆمەڵایەتی بریتیە لە پێدانی دڵنیایی دارایی لە کاتی بێکاری، دڵنیایی تەندروستی لە کاتی بەرکەوتن ، توش بوون بە نەخۆشی یان پەککەوتن لە کاتی کارکردندا، هەروەها مافی خانەنشینیش دەگرێتەوە. لە دەزگاکەدا پارەی منداڵ تەرخان دەکرێت بۆ هەموو ئەو کارمەندان و فەرمانبەرانەی کە منداڵیان هەیە، هاوکات بەخشێکی دارایی تەرخان کراوە بۆ ئەو دایکانەی کە منداڵیان دەبێت لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتداکە بەشدارن لە دڵنیایی کۆمەڵایەتی. سەرچاوەی داهاتی دەزگاکە پێک دێت لە بودجەی تەرخان کراو لە بودجەی گشتی هەرێم لەگەڵ بڕی ئەو پارەیەی کە لە بەشداربووانی دڵنیایی وەردەگیرێت لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت.

هەرلە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا پرۆژەیەک هەیە بە ناوی "پرۆژەیاسای چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی" کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. لەم پرۆژە یاسایەدا هەوڵ دراوە بە کۆکردنەوەی پرۆژە یاساکانی

تایبەت بە هاوکاری و بیمە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، پرۆژەکانیش بریتیبوون لە(بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵی بێ باوک، کورتەباڵاکان لە هەرێمی کوردستان، هاوکاری بۆ ئافرەتی بێ هاوسەر، بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ لە هەرێمی کوردستان، پرۆژەیاسای چاودێری بەساڵاچووان لە هەرێمی کوردستان). هاوکات بیرۆکەکانی کە لە پرۆژە یاسایی دڵنیایی کۆمەڵایەتی کە ئاماژەی پێکرا لەسەرەوە، لەم پرۆژەیەدا، واتە لە "پرۆژەیاسای چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی" گەشەی پێکراوە و دەوڵەمەندکراوە. لەبەر ئەوەی پرۆژە یاسای "یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی" پرۆژەیەکی گشتگیرترە لە پرۆژەکانی تر کە لەسەرەوە خرانە ڕوو بۆیە فۆکوسی ئەم توێژینەوەی زیاتر دەکەوێتە سەر ئەو.

پرۆژە "یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی" پێک هاتووە لە ٣١ ماددە کە ئامانج تێیدا بریتیە لە دابینکردنی یارمەتی دارایی مانگانە (بژێوی ژیان) بۆ هەردوو ڕەگەز بە مەبەستی نەهێشتنی نەداریی و هەژاریی لە کۆمەڵگادا، لەهەمان کاتدا ئامانج تێیدا بریتیە لە دابینکردنی بیمەی بێکاری و تەندروستی بۆ هاوڵاتیان. بەواتایەکی تر ئامانج بریتیە لە ڕیکخستنەوەی ئەو مووچەو هاوکاریانەی کە ئێستا دەدرێت ڕێک بخرێتەوە، هەر هاوڵاتیەکیش کە بێکار بێت مافی داواکردنی هاوکاری مانگانەی هەیە تا ئەوکاتەی کە دەکەوێتە سەرکار ئەمەش لە ڕێگای خۆ تۆمارکردن لە دەزگای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی. تۆمارکراوانی چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی مافی بیمەی تەندروستیان هەیە، واتە مافیان هەیە داوای قەرەبووی دارایی بکەن بۆ تێچوونەکانی چارەسەرکردن، بە مەرجێک کە چارەسەرکردن لە ناوەندەکانی سەر بە حکومەت بێت، لەڕووی نیشتەجێبونیشەوە ئەوا هەموو هاوڵاتیانی کەم دەرامەت کە لە سەرکار بن یان کەم دەرامەت دەتوانن داوای بەرکەوتەکانی بەکرێگرتنی نیشتە جێبوون بکەن، لە ڕووی پەروەردەو خوێندنەوە لەسەر حکومەت پێویستە کە هاوکاری ئەو خێزانانە بکات کە خاوەن دۆخە قورسەکانن، ئەمەش لەڕێگای خەرج کردنی دەرماڵەیەکی مانگانە بۆیان، وەک هاندانی فێرکردن و هاوکاری دارایی مانگانە بە خوێندکاران دەدرێت. بڕی هاوکاری مانگانە بۆ زۆربەی گروپەکان لە پرۆژە یاساکەدا دیاری کراوە. دواتر بە وردی شیکاری و خەملاندنی دارایی بۆ پرۆەژەیاساکە دەکرێت، هەم بە سکێچ و بە خشتەی شیکاریش ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدرێت. بەڵام سەرەتا پێویستە باسێکی شیکاری سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای بیمەی کۆمەڵایەتی هەرێم بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی بتوانین بەراوردی مەودای بیمەکان بکەین لەوەی کە ئێستا هەیە و ئەوەی کە پرۆژەکە خوازیاری بەدەست هێنانیەتی.

## ڕەوشی ئێستای بیمەی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان

بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەک بۆ ڕەوشی بیمەی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبێت هەندێک زانیاری دەربارە ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی بێکاری بخەینەڕوو کە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی ئابووری و سەقامگیری کۆمەڵایەتی. لەهەمان کاتدا دەکرێت تیشک بخەینە سەر ڕێژەی بودجەی تەرخان کراو بۆ ئەو مەبەستە. لەبەرئەوەی بودجەی ساڵی ٢٠١٤ لەبەردەست دانەبوو تا ساتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، بۆیە بودجەی ساڵی ٢٠١٣ بە نموونە وەردەگرین بۆ ئەو مەبەستە. بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ بریتیبوو لە ١٥ ترلیۆن و ٢٥٧ ملیارو ٨٤٩ ملیۆن دینار.[1] لە بودجەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی ٢٠١٣ بڕی نزیکەی (٤١٨ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دینار) تەرخان کراوە بۆ بیمە و هاوکارییەکان کە لە کاتی ئێستادا دەدرێت بە هاوڵاتیان.[2]

لەبەرئەوەی ئاماری تەواو لەبەردەست دا نیە بۆ ساڵی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ فۆکوس دەکەوێتە سەر ئامارەکانی ٢٠١٢ بۆ ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی بێکاری. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (UNDP) ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە (٥٤٣٢٠٠٠) کەس دەخەمڵێنرێت، ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لە هەرێم نیشتەجێن بریتیە لە (١١٣١٧٠٠) خێزان. دەربارەی ڕێژەی بیکاریش ئەوا هەر بەپێی دەستەی ئاماری هەرێم (ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار بۆ ساڵی ٢٠١٢) ڕێژەی بێکاری بریتە لە ٧,٩٪ ی ئەوانەی کە بەهێزی کار هەژمار دەکرێن کە بریتین لە (هاوڵاتیانی هەرێم کە تەمەنیان لەسەرووی ١٥ ساڵ تا ٦٣ساڵی دایە و ژمارەیان دەگاتە ١١٩٦٧٠١). واتە لەو ١١٩٦٧٠١ کەسە

[1] بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٣، یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٣
[2] دیداری تەلەفۆنی لەگەڵ برایمی موهەندیس (بەڕێوەبەری گشتی چاودێری لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی)

٩٦٥٣٩ کەس بۆ ساڵی ٢٠١٢ بێکار بووە لە هەرێمی کوردستان. لە ناو گروپی بیکارانیش ژمارەی ژنان زۆر زیاترە وەک لە پیاوان، دەربارەی گروپی ژن ئەوا تەنها ١٢،٢٪ ی ژن بەشداری فعلی دەکەن لە چالاکییەئابوریەکان و لە هێزی کاردا، واتە ٨٧،٧٪ ژنان لەدەرەوەی بازاڕی کارن لە هەرێمی کوردستان، دەربارەی بەشداریکردنی پیاوانیش لە بازاڕی کاردا هەر بۆ ساڵی ٢٠١٢ بریتی بوە لە ٦٥،٨٪ ، واتە ٣٤،٢٪ لە پیاوان بەشدار نەبوون لە هێزی کاردا. لەو ڕێژەیشی کە کار دەکات لە ژن و پیاو ٨٢٠٠٠٠ کەس کارمەندی مووچە خۆر بووە هەر بۆ هەمان ساڵ، لەو ڕێژەیەشدا ٦٢٥٠٠٠ کارمەندی حکومی بووە و (١٩٥٠٠٠) کارمەندی حزبیی بووە کە لەوەزارەتی دارایی مووچە وەدەگرن. هاوکات نزیکەی (٢٠٠٠٠) کەس هاوکاری مانگانە لە حزبەکان وەردەگرن[3]

دەربارەی ڕێژەی سوودمەندان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەوا لە کاتی ئێستادا لە هەرێمی کوردستان تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەیە کە بەم شێوەیە دابەش کراوە:

١. تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی، ٢. سوودمەندانی کەم ئەندامان (خاوەن پێداویستی تایبەت)، ٣. بیمەی بێکاری، ٤. گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، لە خشتەی ژمارە (١)یشدا سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتیش بەشێوەیەکی گشتی دەخرێتە ڕوو بۆ مانگی (١٠ ی٢٠١٤).

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کە سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە بیمە و هاوکاری (مانگانە لە ژێر ناوی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی) دابیندەکات بۆ هەندێک گروپ لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، کە ئەمانە دەگرێتەوە: بێوەژن، تەلاقدراو، جێهێشتراو، قوتابی خێزاندار، بێ دایک و باوک (بێ سەرپەرشتیار)، بەساڵاچوو، نەخۆشیەکان، بەندکراو، گەورە کچ، ون بوو (مفقود)، هەژارو بێکار (وەک لە سکێچی ژمارە ١ ئاماژەی پێکراوە)، بڕی ئەو و هاوکاریەی کە دەدرێت بریتیە (١٥٠٠٠٠) دینار مانگانە بۆ سوودمەندانی چاودێری خێزان (تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی) بە مەرجێک ئەو گروپە هیچ داهاتێکی تری نەبێت، بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت (١٥٠٠٠٠) دینار ئەگەر هیچ داهاتێکی تری نەبێت وە (١٠٠٠٠٠) دینار بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت کە فەرمانبەر بێت.[4]

ژمارەی سوودمەندانی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی کە خێزانی کەمدەرامەت و بێکەسەکان دەگرێتەوە بەپێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تا ئێستا دەبەخشرێت بە(٨٤٠٤٥) کەس لە هەرێمی کوردستان. بەڵام شێوازی دابەشکردنی ئەم هاوکارییانە بە سیستەمێکی ڕێک نیە، لە نێوان حیزب و حکومەت دابەشبووە، سوودمەندانی خاوەن پێداویستی تایبەت ژمارەیان گەیشتۆتە (١١٠٧٢٨) کەس، ژمارەی ئەوانەی کە بیمەی بێکاری وەردەگرن بریتیە لە ١٩١٢٣ کەس تا بەرواری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە .[5] لە خوارەوە خشتەیەک (خشتەی ژمارە ٢) دەخرێتە ڕوو بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر دەربارەی ئامارەکانی تایبەت بە بیمە و هاوکاری کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دابینی دەکات بۆ هاوڵاتیان.

---

[3]حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، "ڕاپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٢"، چاوپێکەوتن لە گەڵ صلاح ئەنوە حەمەد ڕاوێژکار لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی

[4]ڕێنمایی وەزارەتی دارایی ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠١١، داتاکان وەرگیرەوە لە ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و گەرمیان

[5]دیداری تەلەفۆنی لەگەڵ برایمی موهندس (بەڕێوەبەری گشتی چاودێری لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی)، لەگەڵ موزەفەر هەمزە (بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پلان لە وەزارەتی پلاندانان).

**سکێچی ژمارە (١) ڕەوشی بیمە وهاوکاری لە هەرێمی کوردستان**




**خشتەی ژمارە (١) ژمارەی سوودمەندان لە چاودێری و پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان مانگی (١٠)، ٢٠١٤**

| پارێزگا | چاودێری خێزان | کەم ئەندامان | قەرزی بچووک | شەڵتەر | چاودێری تایبەت | دایەنگاکان | پەیمانگاکان | سەنتەرەکان | بیمەی بێکاری | هێلی گەرم فریاکەوتن | کۆی سوودمەندان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٥٣١٦ | ٤٠١١٤ | ٢١٤٨ | ٣٦ ژن<br>٠ منداڵ | ٥١٤ | ٣٧٩ | ٢٥ | ٣٥١ | ١٢٦٩ | ٤٠٥٧ | ٧٤٢٠٩ |
| سلێمانی | ٣١٦٤٩ | ٣٧١٢٩ | ٢١٠٤ | ٢٩ ژن<br>٦ منداڵ | ١٦٠ | ١٠٠١ | ٢١٠ | ٥٢٠ | ٨٥٥١ | ٧ | ٨١٣٦٦ |
| دهۆک | ٢٠٨٤٩ | ٢٥٨٨٩ | ٢٠٣٢ | ٢٢ ژن<br>٦ منداڵ | ١٨٤ | ٤٠ | ١٧٥ | ٣٠٨ | ٧٠٧ | ٤ | ٥٠٢١٦ |
| گەرمیان | ٦٢٣١ | ٧٥٩٦ | ٧٣٧ | ٦ ژن<br>٠ منداڵ | نیە | ١٢٦ | نیە | ٩٧٧ | ١١٠٣ | نیە | ١٦٧٧٦ |
| کۆی هەرێم | ٨٤٠٤٥ | ١١٠٧٢٨ | ٧٠٢١ | ٩٣ ژن<br>١٢منداڵ | ٨٥٨ | ١٥٤٦ | ٤١٠ | ٢١٥٦ | ١١٦٣٠ | ٤٠٦٨ | ٢٢٢٥٦٧ |

لە خشتەی ژمارە (١) دا دەبینین کە کۆی گشتی ژمارەی سوودمەندان لە تۆڕی چاودێری و پاراستنی کۆمەڵایەتی بریتیە لە ٢٢٢٥٦٧ کەس تا مانگی ١٠ ی ساڵی ٢٠١٤. ڕێژەی سوودمەندانی چاودێری کە موچەیەکی مانگانە وەردەگرن بریتیە لە (٢٠٦٤٠٣) کەس. ژمارەی تۆمارکراو بۆ ساڵ ٢٠١٣ کەمترە بووە کە بریتیبووە لە ١٧٢٥٦٨کەس، بەڵام کۆی ژمارەی سوودمەندان بۆ مانگی ١٢ ی ساڵ ٢٠١٤ زیادی کردوە بۆ(٢١٤٠٧٨) کەس وەک لەخشتەی ژمارە (٢) دا ئاماژەی پێکراوە.

**خشتەی ژمارە(٢) (سوودمەندانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ مانگی ١٢ ساڵی ٢٠١٤)**

| جۆری سوودمەندان | ژمارەی سوودمەندان تا ٢٠١٤/١٢/٧ | ژمارەی سوودمەندان ٢٠١٣ |
| --- | --- | --- |
| چاودێری خێزان | ٨٤٠٤٥ | ٧٥٦٦٦ |
| خاوەن پێداویستی تایبەت | ١١٠٩١٠ | ٧٧٧٩٧ |
| بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان | ١٩١٢٣ | ١٩١٢٣ |
| سەرجەم | ٢١٤٠٧٨ | ١٧٢٥٦٨ |

## چەند تێبینیی و پێشنیارێک لەبارەی پرۆژەیاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی

لەگەڵ ئەوەی پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی باش داڕێژراوە، دەکرێت بە هەندێک تێبینیەوە دەوڵەمەندتر بکرێ، گرفتەکانیشی دیاری بکرێت، لەهەمان کاتدا پێشنیاری چارەسەرکردن بۆ گرفتەکان بخرێتە ڕوو.

١. لە پرۆژەکەدا وا چاکترە فۆکوس بخرێتە سەر هێڵە گشتییەکان نەک چوونە ناو وردەکاریەوە، بەومانایەی کە پێویست ناکات بڕی هاوکاری مانگانە دیاری بکرێت بۆ هیچ کەس و گرووپێک (بۆ نموونە وەک ئەوەی لە ماددەی ١٠، ١١، ١٣، ١٤،١٥...هتد دا هاتووە)، ئەمەش لەبەرئەوەی دیاریکردنی بڕی مووچە یان هاوکاری بۆ هەرگروپێک پێویستی بە دیراسەکردنی نرخی بازاڕ و نرخی بژێوی ژیان دەبێت. بۆیە واچاکترە دیاریکردنی بڕی هاوکاری و چاودێری کۆمەڵایەتی بە دەرکردنی ڕێنمایی دیاری بکرێت لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان. هۆکارێکی تر دەکرێت ئەوە بێت کە ڕێنمایی وەزارەت ئاسانتر دەکرێت گۆرانکاری بەسەردابکرێت و هەموار بکرێتەوە، بۆئەوەی لەگەڵ باری ئێستای یان گۆڕاوی هەرێم بگونجێندرێت وەک لە هەموارکردنەوەی یاسایەک لە پەرلەماندا کە کاتێکی زۆرتری دەوێت.

٢. بۆ ڕێگرتن لە خراپ سوود وەرگرتن لە پرۆژەیاساکە نابێت بڕی هاوکاری مانگانە، کە دواتر بەڕێنمایی دیاریدەکرێت لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، زیاتر بێت لە کەمترین مووچە کە دەدرێت بە فەرمانبەرێکی پلە (١٠)[6]. بە واتایەکی تر ئەگەر هاوکارییەکە زیاتر بێت لە مووچەی فەرمانبەرێکی ئاسایی ئەوا گواستنەوە ڕوودەدات لە بازاڕی کارەوە بۆ بێکاری و سوودوەرگرتن لە بیمەکان کە ئەمەش ئامانجی پرۆژەیاساکە نیە و پێچەوانەیە لەگەڵ ئامانجی سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی. بەڵام لەبەرئەوەی کە بڕی مووچەی فەرمانبەرێکی پلە ١٠ تەنها ١٤٠٠٠٠ (بەبێ دەرماڵە) دینارە کە خۆی لە خۆی دا بەشی بژێوی ژیان ناکات بە ڕچاوکردنی نرخی بازاڕ، بۆیە تا ئەوکاتەی کەیاسای مووچە هەموار دەکرێتەوە دەکرێت ئەو بڕە هاوکاریە بدرێت بە هەر تاکێکی پێگەیشتووی بێکار لە نێو خێزانێکی کەم دەرامەت[7]، بۆ نموونە ئەگەر خێزانێک پێک هاتبێ لە دوو کەس ئەوا حکومەت دەکرێت مانگانە (٢٨٠٠٠٠) دینار بدات بەو خێزانە نەک ١٤٠٠٠٠ دینار لەگەڵ هاوکاری بۆ کرێی خانوو و بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی.

٣. لەبەرئەوەی پرۆژەکە هەوڵدەدات بیمەو هاوکاری یاخود چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا دابین بکات، دەکرێت فۆکوسی بکەوێتە سەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. لە ماددەی (٧ و ٨) ی پرۆژەکە هەوڵدراوە کە جۆرێک لە سیستەمی سۆسیال دابین بکرێت بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش بە پێدانی بڕە پارەیەکی مانگانە لەلایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیەوە بە هەر هاوڵاتیەک کە نەتوانێت بژێوی ژیانی خۆی یان خێزانی دابین بکات بەهەرهۆیەک بێت، لەهەمان کاتدا بەپێی پرۆژە یاساکە هەموو بەخشش و

[6] بڕی مووچەی فەرمانبەرێکی پلە ١٠ بریتیە لە ١٤٠٠٠٠ دینار ئیسمی، لە "سلم رواتب دا هاتوە بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠٠٨"
[7] ئەمەش پێچەوانەی ڕێنمایەکانی وەزارەتی داراییە کە هاوکاری بۆ تەنها بەخێوکەری خێزان دابین دەکات کە بڕەکەشی لە ١٥٠٠٠٠ دینار زیاتر نیە بۆ کۆی گشتی خێزانەکە،ڕێنمایی وەزارەتی دارایی تایبەت بە مووچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ژمارە (٢٢) ی ساڵی ٢٠١١

یارمەتییە داراییەکان دەبردرێن کە  مانگانە یان وەرزییانە لەلایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە کە تا ئێستا دەدرێت بە هاوڵاتیان، ئەمەش بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی بیمەو هاوکارییەکان.

دروستکردنی سیستەمی سۆسیال کە هاوکاری و چاودێری کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت بەپێی ئەوپرۆژەیاسایە، دەکرێت بە چارەسەرێکی بنەڕەتی هەژمار بکرێت بۆ ئەو نایەکسانییەی کە لە دابەشکردنی ئەو هاوکارییانە دا هەیە کە لە کاتی ئێستادا دەدرێت بە هاوڵاتیان، بەڵام هەر لەهەمان پرۆژەیاسادا باس لە هەندێ گروپ دەکات کە مانگانە بڕەپارەیەکی مانگانەیان پێدریت و بڕەکەشی دیاری کراوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی پرۆژەیاساکە بریتیە لە دابین کردنی چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاوڵاتیان، کەواتە پێویست بەوە ناکات ناوی هەندێک گروپ بهێنرێت و بڕی هاوکاری مانگانەشی بۆ دیاری بکرێت. بە مانایەکی تر بۆ خۆ بەدورگرتن لەهەمان هەڵەی یاسایی کە لەکاتی ئێستادا تێیکەوتوین کە دەرئەنجامەکەی ئەو نایەکسانییەیە کە لە شێوەی هاوکاری و بیمە دەدرێت بە هاوڵاتیان، بۆ نمونە گروپی خاوەن پێداویستی تایبەت کە گلەیی زۆری لەسەرە کەوا هاوکاری هەندێک کەسی گرتۆتەوە کە نەدەبوو بیانگرێتەوە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە. بەڵام ئەگەر بیمەیەکی مانگانەی دیاری کراو بدرێت بە هەرکەسێک کە توانای کارکردنی نەبێت جا بەهۆی "پێداویستی تایبەتی" بێت، نەخۆشی یان هەر هۆیەکی تر بێت، یاخود کاری نەبێت تا کار دەدۆزیتەوە. لەهەمان کاتدا دەکرێت وەک هاوکاریەکی زیاتر بۆ "خاوەن پێداویستی تایبەت"  فەرمانگە یاخود دەزگای تایبەت بە بیمەی کۆمەڵایەتی هەڵسێت بە دابینکردنی ئەو کەرستانەی کە کارئاسانی دەکات بۆ ئەو گروپە وەک کورسی جوڵاوە بۆ ئەوانەی کە کێشەی ڕۆشتنیان هەیە، ...هتد یاخود دەکرێت بخرێتە قاڵبی بیمەی تەندروستیەوە.

٤. سەبارەت بە بیمەی بێکاری کە لە ماددەی (٢) ی  پرۆژەیاسای "چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی" باسی لێوەکراوە، هەموو ماف و دەسکەوتکان کە دەدرێت بەهەر تاکێک کە بێکار بوو بە ڕوونی باسکراوە، ئەمە ئەگەر هاتوو ئەو کەسە خۆی تۆمار بکات لە چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی کە سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە باس لە ئەرک و پابەند بوونی تاک بەرامبەر بە بیمەی بیکاری ناکات، بە واتایەکی تر باس لەوە نەکراوە کە ئەوسزایانە چین کە دەسەپێنرێت بەسەر تاک گەرهاتوو لەڕێنمایەکانی تایبەت بە بیمەی بێکاری دەرچوو، بۆ نموونە چۆن مامەڵە لەگەڵ تاکێک دەکرێت کە بیمەی بێکاری وەردەگرێت و لە لایەنی دەزگای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتیەوە کارێکی بۆ دۆزراوەتەوە بەڵام ئەو کەسە ڕەتی دەکاتەوە کە ئیشەکە وەربگرێت.

٥. دەربارەی دەزگای چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتیش ئەوا لە پرۆژە یاساکەدا لە ماددەی (٩) دا باس لە هەیکەلی ئیداری ئەو دەزگایە کراوە، بەڵام فۆکوس نەکەوتۆتە سەر ئەرکەکان و میکانیزمەکانی "چاودێری" دەزگای چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی تر باس لەوە نەکراوە چۆن دەزگاکە کار دەکات بۆ ڕێگرتن لە خراپ سوود وەرگرتن لە یاسای چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی. واتە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو هاوکاری و چاودێریە کۆمەڵایەتییانە پێویستە دەزگا بەدواداچوونی بەردەوام و چالاکانە بکات بۆ ئەوی کە دڵنیایی ببەخشێت و یەکلایی بکاتەوە کە چ کەسێک بە ڕاستی و دروستی مافی ئەوەی هەیە کە سوود لە سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی وەربگرێت. تەنها لە ماددەی (٣١) دا باس لەیەکێک لە ئەرکەکانی دەزگا کراوە کە بریتیە لە پشکنینی بەردەوام بۆ ناوەندەکانی فەراهەمکردنی هەلی کار، لە هەمان کاتدا ئەرک و مافەکانی کرێکار و خاوەنکاری دیاری کردووە لەبەرامبەر تۆمارکردنی کارەکەیان.

٦. دەربارەی گروپی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوا لەماددەی (١١) دا لە ژێر ناوی خەزێنەی هاندانی فێرکردن هەوڵدراوە کە بڕی (١٥٠٠٠٠) دینار مانگانە بدرێت بە خوێندکاران. ئەم بیرۆکەیە دەکرێت دەوڵەمەند تر بکرێت لە ڕێگای پێدانی هاوکاری لەگەڵ قەرزی درێژخایەنی خوێندن بە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان. ئەم قەرزە دەکرێت لە شێوەی قیستی مانگانە لە خوێندکار وەربگیرێتەوە لە پاش دامەزراندنی لە کەرتی گشتی یان تایبەت. دیاریکردنی بڕەکەی دەکرێت بە ڕێنمایی دیاری بکرێت لە لایەن وەزارەت و دامودەزگای پەیوەندیدارەوە. نمونەیەک بۆ میکانیزمی پێدانی قەرز و هاوکاری؛ مانگانە حکومەت دەکرێت بڕێک پارە بدات بە خوێندکاری زانکۆ و پەیمانگاکان،

لەو برە پارەیە دەکرێت ٢٥٪ ی هاوکاری بێت و٧٥٪ ی قەرزبێت. دوای تەواوکردنی خوێندن و دامەزرانی خوێندکار حکومەت دەکرێت مانگانە بە ڕێژەی١٠٪ ی مووچەی مانگانەی خوێندکارە دامەزراوەکە وەربگرێتەوە. ئامانج لە میکانیزمێکی ئاوا بریتیە لە باش کردنی بژێوی ژیانی چینی خوێندکار کە دەکرێت بەچینێکی هەژار هەژمار بکرێت چونکە هیچ داهاتێکیان نیە بەشێوەیەکی گشتی ، لەلایەکی تر ئەو پارەیەی کەحکومەت بۆ خوێندکاری خەرج دەکات بەشێکی زۆری بۆ دەوڵەت دەگەرێتەوە لە ڕێگای بڕینی ڕێژەیەک لە داهاتی خوێندکارە دامەزراوەکە.

٧. بە پێی چاودێری کۆمەلایەتی بنچینەیی" کە لەماددەی (١٢) دا باسی لێوەکراوە هەموو کەسێک مافی هەیە کە سوودمەندبێت لە دڵنیاییەکانی تەندروستی، چاودێری، ڕووداو و چاودێری خانەنشینی، هەروەها مافی هەیە بۆ ئاسایشی ئابوری لەکاتەکانی نەخۆشی، دایکانە، بێکاری یاخود لەکاتی لە دەستدانی توانای کارکردن جا بەهۆی پەککەوتن یان نەخۆشی بێت. ئەمە هاوڵێکی زۆر باشە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لەکۆمەڵگادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو باس لە پێوەرەکانی سودوەرگرتن بکرێت کە باسی لێوەنەکراوە. بۆ نموونە چۆن کەسێک سوودمەند دەبێت لە "دڵنیایی خانەنشینی" یان لە "دڵنیایی تەندروستی "؟

٨. دەربارەی گروپی خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، پەککەوتەکان و دۆخەکانی جیاوازی جەستەیی لە پرۆژەیاساکەدا بەرکەوتەی داراییەکانیان دیاری کراوە، بەومانایەی کە هەریەک لەو گروپانە برێک لە پارەیان بۆ براوەتەوە کە مانگانە پێیان بدرێت ئەمەش پاش دیاریکردنی ڕێژەی پێداویستی تایبەتەکان، پەککەوتەکان و دۆخەکانی جیاوازی جەستەیی لەلایەنی لیژنەی پزیشکی تایبەتەوە وەک لەماددەی (٢٠،٢١،٢٢،٢٣) دا هاتووە. جیاوازی ئەو ماددانە لەگەڵ ڕەوشی ئێستای خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، پەککەوتەکان و دۆخەکانی جیاوازی جەستەیی ئەوەیە کە بڕی ئەو مانگانەیەی بۆیان براوەتەوە زیادکراوە. دەتوانین بڵێن کە ئەمە چارەسەرێکی نموونەیی نیە بۆ هاوکاری کردنی ئەو گروپانە، ئەمەش لەبەرئەوەی بڕی ئەوپارەیە بەهەڕەمەکی دیاریکراوە بەبێ دیراسەکردنی بازاڕ (وەک لە خاڵی ١ و ٢) دا ئاماژەی پێکرا. لەلایەکی تر دیاری کردنی بڕی مووچەکە پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی ڕێژەی پێداویستییە تایبەتەکان و دۆخەکانی جیاوازی جەستەیی، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەی دروست کردووە لەکاتی ئێستادا. بەمانایەکی تر گلەیی زۆر هەیە لەدەستنیشان کردنی ڕێژەکاندا، کە ئەمەش چەندەها هۆکاری لە پشتە، بەواتایەکی تر حاڵەت هەیە پێویست بوو ڕێژەیەکی بەرزی بۆ بنوسرێ بۆی نەنوسراوە وە بە پێچەوانەشەوە.

پێشنیارێک بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە دەکرێت بریتیبێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ گروپەکانی " خاوەن پێداویستی تایبەتەکان، پەککەوتەکان و دۆخەکانی جیاوازی جەستەیی " وەک تاک، بەومانایەی کە سیستەمی بیمەی کۆمەلایەتی مامەڵە لەگەڵ ئەو گروپانە بکات لەسەر بنەمای بەشداریکردن لە بازاڕی کاردا، واتە ئەوکەسە کاردەکات یان داهاتی مانگانەی هەیە یان نا؟بەشی بژێوی ژیانی دەکات یاخود نا؟ ئەگەر ئەو کەسە کارێکی نەبوو یاخود هیچ داهاتێکی نەبوو پێویستە حکومەت داهاتێکی مانگانەی بۆ دابین بکات کە بەشی بژێوی ژیانی بکات، لەهەمان کاتدا دەکرێت ئەو کەرستە پێویستانەی بۆ دابینبکرێت کە کارئاسانی بۆ دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت وەک هەموو کەسێکی ئاسایی کاری ڕۆژانەی خۆی بکات وەک کورسی جوڵاوە بۆ خاوەن پێداویستی تایبەتەکان و پەککەوتەکان ، هەروەها دەکرێت هاوکاریی مرۆیشی پێشکەش بکرێت وەک دابینکردنی کارمەند لەلایەن وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی بۆ ئەو خاوەن پێداویستی تایبەتەی یان پەککەوتەی کە کەسی نیە کاروباری ڕۆژانەی بۆ بکات.

لەم یاساو پرۆژە یاسایانەی کە لە سەرەوە باسیان لێوەکرا فۆکوس خراوەتە سەر چەند گروپێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا، لەهەمان کاتدا لەناو گروپەکانیش جیاکاری هەیە لە ڕووی بەرکەوتە دارایەکان و ماف و ئیمتیازاتەوە، بەڵام لێرە ئامانج ئەوەیە کەپرۆژە یاسایەک ئامادەبکرێت کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ لەخۆ بگرێت بێ جیاکاری. واتە یاسایەک هەبێت بۆ بیمەی کۆمەلایەتی "تایبەت" لەسەربنەمای "تاک و خێزان" دروست بکرێت. بۆ نموونە ئەگەر کەسێکی پێگەیشتوو بێکار بوو یان نەیتوانی کار بکات بە هەر هۆیەک بێت، ئەوا لەسەر دەوڵەت پێویستە داهاتێکی سەربەخۆ بۆ ئەو کەسە فەراهەم بکات کە بتوانێت پێی بژێت بە ڕەچاوکردنی کۆی داهاتی ئەو

تاکە لەنێوخێزان دا. بۆ نموونە سەبارەت بەو ژنانەی کە هاوسەردارن، ئەوا دەکرێت بزانرێت کە کۆی داهاتی خێزانەکە چەندە، کە ئەمەش لە ڕێگای دەزگایەکی چاودێری دەبێت کە سەر بە وەزاراتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت. ئەگەر هاتوو داهاتی خێزانەکە بەشی بژێوی ژیانی نەکات ئەوا لەسەر دەوڵەتە کە هاوکاری ئەو خێزانە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کە لەکاتی ئێستادا هەرێم توانای دابینکردنی بیمەی گشتی نیە، پێویست ناکات داهاتێکی مانگانە بدرێت بە هەموو کەس هەتا ئەگەر پێویستیشی نەبێت. بۆنمونە دەربارەی گروپی ژن، کە موچەیەک بۆ ژن دەبڕدرێتەوە دەکرێت دەزگای چاودێری ڕەچاوی داهاتی خێزان بکات نەک ژن بەجیا پارە وەربگرێت لە دەوڵەت و لەکاتێکدا کە کۆی گشتی داهاتی ئەو خێزانە بەشی ژن و پیاو و منداڵەکانیش دەکات. ئەمەش بۆ ڕێگرتن لە خراپ سوودوەرگرتن لە یاسای پێشنیارکراوی بیمە. وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، دەستەی ئامار سەر بەوەزارەتی پلاندانان و وەزاراتی دارایی دەکرێت هەڵسێت بە دابینکردنی داتاو ئاماری پێویست بۆ ئەو مەبەستە.

لەبەرئەوەی ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە خزمەت بە پرۆژەیاسایەک بگەیەنێت کە ئامانج تێیدا بریتییە لە دابینکردنی "دڵنیایی، چاودێری و هاوکاری کۆمەڵایەتی" بە مانایەکی تر سێکیوریتی دارایی ببەخشیت بە هاوڵاتیان. ئەم توێژینەوەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو کە هاوشانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی جیهانی دەرەوە بێت لە ڕووی هاوکاری دارایی و مرۆیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، پێویستە لەسەر حکومەت کە هاوکاری یان قەرەبووی دارایی بۆ ئەو تاکانەی کۆمەڵ دابین بکات کە کە هیچ داهاتێکی مانگانەیان نیە، کاریان نیە یان ناتوانن کاربکەن بەهۆی نەخۆشی، کەمئەندامی، پەککەوتن، یان چاودێری منداڵ یان بەهەرهۆیەکی تر بێت، یاخود داهاتی ئیشکردنەکەی بەشی بژێوی ژیانی ناکات. ئەمەش وەک هانگاوی یەکەم دەکرێت بە دووبارە دابەشکردنەوەی هەموو ئەو هاوکاریانەی کە دەرێت لە لایەنی حکومەت و حزبەکانەوە بە هاوڵاتیان. ئامانج لێرەدا بریتیە لە بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی لە کۆمەڵگا.

## خەمڵاندنی دارایی بۆ پرۆژەی چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی ٢٠١٤

لێرەدا تێچووی سەرەتایی بۆ سیستەمی "چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی" دەخرێتە ڕوو لەهەمان کاتدا بەراورد دەکرێت لەگەڵ بڕی تەرخان کراوی بودجە بۆ تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی. بەواتایەکی تر تێچووی سەرەتایی ئەو ڕیفۆرمە هەژمار دەکرێت بەپێی ئەو بڕە پارەیەی کە دیاری کراوە لە هەندێک لە ماددەکانی پرۆژەیاساکە و دواتربەراورد دەکرێت لەگەڵ بڕی ئەو پارەیەی کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تەرخانی کردوە بۆ ئەو بیمە و هاوکاریانەی کە دەیدات بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان. لە خشتەی ژمارە (٣) دا وردەکاری هەژمارکردنەکان دەخرێتە ڕوو.

لە خشتەی ژمارە (٣) دا هەژمارکردنێکی سەرەتایی بۆ تێچوونی پرۆژە یاسای "چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی" کراوە لەسەر بنەمای ژمارەی سوودمەندانلە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا. هەروەها لەم سکێچەی خوارەوە، (سکێچی ژمارە ٢)، ئەو بوارانە دیاری کراوە کە پرۆژەیاساکە دیانگرێتە خۆ بۆ ئەوەی بیمەی کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە.

**سکێچی ژماره (٢) پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی**




دەربارەی چاودێری منداڵ لە پرۆژە یاساکەدا منداڵ دابەش کراوەتە سەر ٤ گروپ بە پێی تەمەنیان برە پارەیەکی مانگانەیان بۆ تەرخان کراوە، لەبەرئەوەی ئاماری ورد لەبەردەست دانەبوو بۆ ژمارەی منداڵان بە پێی تەمەنەکانیان، هەژمارێکی سەرەتایی کراوە بۆ کۆی منداڵان کە تەمەنیان لە نێوان ( ١بۆ ١٢ ساڵی) تا ساڵی٢٠١٣ . ئەگەر برە پارەکانی کە تەرخان کراوە بۆ هەر چوار گروپ کۆ بکەینەوە ودابەشی سەر چواری بکەین دەکاتە(٨٦،٢٥٠ دینار) واتە مەعەدەل وەرگیراوە. ئەم برەیە جارانی ژمارەی منداڵان (١٩١٠٤٣٦) دەکرێت کە لە هەرێمدا هەن لە تەمەنی (١ بۆ ١٢ ساڵی). سەرجەم تێچوو دەکاتە(١٦٤٧٧٥١٠٥٠٠٠)مانگانە، ئەو برە جارانی ١٢ مانگ دەکرێت دەکاتە (١٩٧٧٣٠١٢٦٠٠٠٠) ساڵانە لەسەر بودجەی گشتی هەرێم.

بۆ هەژمارکردنی تێچووی ساڵانەی بڕی هاوکاری تەرخانکراو بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوا بە پێی پرۆژەکە ئەو گروپە مانگانەیەکیان پێدەدرێت بە بڕی (١٥٠٠٠٠ دینار). واتە ژمارەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە دەگاتە نزیکەی (١٠٦٠٠٠) جارانی بڕی هاوکاری مانگانە (١٥٠٠٠٠) دەکاتە (١٥٩٠٠٠٠٠٠٠٠) بۆ یەک مانگ جارانی ١٢ مانگ دەکاتە (١٩٠٨٠٠٠٠٠٠٠٠) دینار ساڵانە.

دەربارەی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانیش ئەوا ژمارەیان دەگاتە (١٩١٢٣) کەس جارانی برە پارەی تەرخان کراو (١٨٠٠٠٠) مانگانە دەکاتە (٣٤٤٢١٤٠٠٠٠) دینار مانگانە، بۆتێچوونی ساڵێک ئەو برەیە جارانی ١٢ دەکەین کە دەکاتە (٤١٣٠٥٦٨٠٠٠٠) دینار لە سەر بودجەی هەرێم. (ئەم هەژمارکردنە لەسەر بنەمای زانیارییەکانی ساڵی ٢٠١٣ ، بۆ ئەو دەرچووانەی کە خۆیان تۆمارکردبوو لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەڵام بەپێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە نزیکەی ٣٠ هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان هەیە).

بۆ هەژمارکردنی تێچووی سەرەتایی ساڵانە بۆ بێوەژن تەڵاقدراو، بێ سەروشوێنکراو، ژنی جێهێڵدراو ئەوا بە پێی پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی مانگانەیەکیان بۆ تەرخان کراوە بە بری (٢٠٠٠٠٠ دینار)، سەرجەمی ژمارەی بێوەژن، تەڵاقدراو، بێ سەروشوێنکراو، ژنی جێهێڵدراو بە پێی داتای وەزارەتی کاروباری

کۆمەڵایەتی دەکاتە (٥٢٧٣٣ کەس). کەواتە سەرجەم تێچووی مانگانە دەکاتە (٥٢٧٣٣) جارانی (٢٠٠٠٠٠) دەکاتە (١٠٥٤٦٦٠٠٠٠٠) دینار مانگانە جارانی ١٢ مانگ دەکاتە (١٢٦٥٥٩٢٠٠٠٠٠) دینار ساڵانە.

دەربارەی تێچووی ساڵانەش بۆ خێزانی زیندانیکراو ئەوا بو پێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ساڵی ٢٠١٤ ژمارەیان دەگاتە ( ٥٣٣ کەس)، ئەو ژمارەیە جارانی برە پارەی مانگانە (١٠٠٠٠٠) کە تەرخان کراوە بۆیان بەپێی پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی دەکاتە (٥٥٣٠٠٠٠٠) دینار جارانی ١٢ مانگ دەکاتە (٦٦٣٦٠٠٠٠٠) دینار ساڵانە.

دەربارەی تێچووی ساڵانەش بۆ ئەو هاوکاریەی کە مانگانە (٢٥٠٠٠٠) دەدرێت بە گەورە کچبە پێی پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی ئەوا ژمارەی گەورە کچ بە پێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ساڵی ٢٠١٤ (٣٣٠٨) کەس بووە، کەواتە ئەو ژمارەیە جارانی ٢٥٠٠٠٠ مانگانە دەکاتە (٨٢٧٠٠٠٠٠٠) جارانی ١٢ دەکاتە (٩٩٢٤٠٠٠٠٠٠) دینار ساڵانە.

بۆ هەژمارکردنی بەخششی دارایی بۆ ئەو دایکانەی کە منداڵێک یان زیاتریان دەبێت پشت بەستراوە بە کۆی منداڵانی لە دایک بوو لە ساڵێک دا. واتە بۆ ساڵی ٢٠١٣ سەرجەمی منداڵان کە لەدایک بوون بریتیە لە ١٥٤٩٢٧ منداڵ، ئەم ژمارەی جارانی بڕی تەرخانکراوی بەخششەکە کە بریتیە لە (١٠٠٠٠٠٠) دینار، سەرجەم دەکاتە (١٥٤٩٢٧٠٠٠٠٠٠) دینار.

سەرجەمی بڕی تێچووی مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەتیش ئەوا ژمارەی خاوەن پێداویستی تایبەت (١١٠٩١٠) کەس جارانی پارەی مانگانەی تەرخان کراو (٣٠٠٠٠٠) دەکرێت کە دەکاتە (٣٣٢٧٣٠٠٠٠٠٠) دینار بۆ یەک مانگ جارانی ١٢ دەکرێت بۆ دەستکەوتنی تێچووی ساڵانە کە دەکاتە (٣٩٩٢٧٦٠٠٠٠٠٠).

تێچووی ساڵانە بۆ پەککەوتەکان بریتیە لە ژمارەی تۆمارکراوی پەککەوتەکان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە (٥٨٨٥) کەسە جارانی برە پارەی تەرخان کراو بە پێی پرۆژەی چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی (٢٠٧٥٠٠) دینار دەکاتە (١٢٢١٣٧٥٠٠) دینار بۆ یەک مانگ جارانی ١٢ مانگ دەکاتە (١٤٦٥٣٦٥٠٠٠٠) دینار ساڵانە.

بۆ هەژمارکردنی تێچووی ساڵانە بۆ گروپی دۆخە جیاوەزەکانی جەستەیی (کورتەباڵاکان) ئەوا ژمارەی ئەو گروپە (١٢٤٩) جارانی بڕی پارەی تەرخانکراو (٣٠٠٠٠٠) دینار مانگانە بۆ ئەوانەی هێچ کارێکیان نیە و (١٥٠٠٠٠) بۆ ئەوانەی سەرکارن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاماری تەواو لە بەردەست دا نەبوو، وا دانراوە کە هەموویان بێکارن، کەواتە مانگانە کۆی گشتی دەکاتە (٣٧٤٧٠٠٠٠٠) ، ئەو برە جارانی ١٢ مانگ دەکاتە (٤٤٩٦٤٠٠٠٠٠) دینار ساڵانە.

دەربارەی بیمەی بێکاری، ژمارەی بێکاری لە ساڵی ٢٠١٢ بریتیە لە (٩٦٥٣٢ کەس ) بە پێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان.[8]بەڵام لەبەرئەوەی برە پارەیەکی مانگانە وەک بیمەی بێکاری راستەوخۆ دیاری نەکراوە لە پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی بۆیە هیچ هەژمارێکی سەرەتایی بۆ بیمەی بێکاری نەکراوە. هۆکارێکی تریش بۆ هەژمارنەکردنی بیمەی بێکاری ئەوەیە کە وردەکاری تەواو لەبەردەست دانەبوو دەربارەی چ گروپێک بە بێکار دانراوە لە ئامارەکەی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، واتە ڕوون نەبوو کە لەم (٩٦٥٣٢)کەسە چەندیان سوومەندبوون لە چاودێری کۆمەڵایەتی کە لەسەرەوە هەژماریان بۆ کراوە و بۆیە لە خشتەی ژمارە (٣) دا باس نەکراوە.

سەرجەمی ئەو تێچوونانەی سەرەوە دەکاتە (٢٩١٩٩٠٦٧٩٠٠٠٠) دینار، واتە ٢ تریلێۆن و٩١٩ ملیار و ٩٠٦ ملێون و ٧٩٠ هەزار. ئەمە بەبەراود لەگەڵ بوجەی تەرخان کراو بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی کە بریتیبوو لە (٤١٨) ملیار دینار و ٢٠٠ ملیۆن، واتە بڕی (٢٥٠١٧٠٦٧٩٠٠٠٠) دینار، ٢ تریلێۆن و ٥٠١ ملیارو ٧٠٦ ملێۆن و ٧٩٠ هەزارزیاتر بودجە پێویستە تەرخان بکرێت بۆ جێ بەجێکردنی پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش سەرەرای هەندێک تێچوونی تر کە هەژمار نەکراوە لەم توێژینەوەیە لەبەرئەوەی هیچ برە پارەیەکی وەک پێشنیار

[8]حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، "ڕاپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٢"،

دیاری نەکراوە تاوەکە لەم توێژینەوەیە هەژمارێکی سەراتایی بۆ بکرێت، بۆ نمونە تێچونەکانی دڵنیایی تەندروستی، تێچووی قەرەبووی دارایی بۆ نیشتەجێبوون، یارمەتی وەرزی بۆ چاککردنی بژێوی ژیانی خێزانە کەمدەرامەتەکان، تێچووی سوودمەند بوون لە مافی دایکایەتی ....هتد. لەم خشتەیەی خوارەوە (خشتەی ژمارە ٣) پوختەی ئەو شیکارییەی کرا لەگەڵ ژمارەو زانیارییەکان سەبارەت بە خەمڵاندنی سەرەتایی دارایی بۆ پرۆژەیاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی خراوەتەروو.

**خشتەی ژمارە (٣) خەمڵاندنی سەرەتایی بۆ پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی**

| جۆری سوودمەندان | ژمارەی سوودمەندان | بڕی پارەی تەرخانکراو بۆ یەک مانگ | کۆی تێچوو بۆ ساڵێک |
|---|---|---|---|
| چاودێری منداڵ (منداڵانی ١ تا ١٢ ساڵ) | ١٩١٠٤٣٦[9] | ٨٦٢٥٠ | ١٩٧٧٣٠١٢٦٠٠٠٠ |
| هاوکاری بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان | ١٠٦٠٠٠[10] | ١٥٠٠٠٠٠ | ١٩٠٨٠٠٠٠٠٠٠٠ |
| دەرچوانی زانکۆ کە بێکارن | ١٩١٢٣ [11] | ١٨٠٠٠٠ | ٤١٣٠٥٦٨٠٠٠٠ |
| هاوکاری بۆ بێوەژن، خێزانی بێ سەروشوێنکراو، ژنی جێهێڵدراو | ٥٢٧٣٣ [12] | ٢٠٠٠٠٠ | ١٢٦٥٥٩٢٠٠٠٠٠ |
| هاوکاری بۆ خێزانی زیندانیکراو | ٥٥٣ [13] | ١٠٠٠٠٠ | ٦٦٣٦٠٠٠٠٠ |
| گەورە کچ (کچ سەروو ٣٠ ساڵی) | ٣٣٠٨ [14] | ٢٥٠٠٠٠ | ٩٩٢٤٠٠٠٠٠٠ |
| بەخشش دارایی بۆ دایک لەکاتی منداڵ بوون | ١٥٤٩٢٧[15] | ١٠٠٠٠٠٠ | ١٥٤٩٢٧٠٠٠٠٠٠ |
| خاوەن پێداویستی تایبەت | ١١٠٩١٠[16] | ٣٠٠٠٠٠ | ٣٩٩٢٧٦٠٠٠٠٠٠ |
| پەککەوتە | ٥٨٨٥[18] | ٢٠٧٥٠٠ [17] | ١٤٦٥٣٦٥٠٠٠٠ |
| کورتەباڵاکان | ١٢٤٩[19] | ٣٠٠٠٠٠ | ٤٤٩٦٤٠٠٠٠٠ |
| سەرجەم | | | ٢٩١٩٩٠٦٧٩٠٠٠٠ |

[9] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لەبەر نەبوونی ئاماری تەواو تەنیا هەژمارکردنی دارایی بۆ منالانی ١ تا ١٢ ساڵ کراوە

[10] ئومێد شوانی، بەڕێوەبەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا

[11] ژمارەی خوێندکارانی دەرچوو کە بێ کارن و تۆمارکراون لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تا ساڵی ٢٠١٤، بەڵام بەپێی ئاماری وەزارەتی خوێندنی باڵا ساڵانە نزیکەی ٣٠ هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکان هەیە

[12] بە پێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تا ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی بێوەژن ٤٤٢٤٥ کەس ، تەڵاقدراو ٦٧٠٤ کەس، بە جێهێشتراو ١٧٥٨ کەس، خێزانی مفقود ٢٦ کەس بووە

[13] بە پێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تا ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی خێزانی زیندانکراو ٥٥٣ کەس بووە

[14] بە پێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تا ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی گەورە کچ ٣٣٠٨ کەس بووە

[15] بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی ژمارەی منداڵانی لەدایک بوو بریتیبوە لە ١٥٤٩٢٧ منداڵ بۆ ساڵی ٢٠١٣

[16] بە پێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی تا ساڵی ٢٠١٤ ژمارەی خاوەن پێداویستی تایبەت ١١٠٩١٠ کەس بووە

[17] دیاری کردنی بڕی منگانە بۆ پەککەوتەکان لە ١٥٠٠٠٠ بۆ ٣٠٠٠٠٠ دینارە بە پێیی ڕێژەی پەککەوتنەکەی، لەم هەژمارکردنە سەرەتاییەدا ٢٠٧٥٠٠ دینار وەک تێچووی مەعەدەل وەرگیراوە ئەمەش لەبەر ئەوەی ئاماری تەواو لە بەر دەست دا نەبوو بۆ پەککەوتەکان بە پێی ڕێژەی پەککەوتن.

[18] ئیکرام حمە کەریم، بەڕێوەری بەشی پلان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ساڵی ٢٠١٤

[19] ئیکرام حمە کەریم، بەڕێوەری بەشی پلان، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ساڵی ٢٠١٤

**خشتەی ژمارە (٤) بەراوردی تێچووی سەرەتایی پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی بە بڕی تێچووی ئێستای هاوکاریەکان**

| پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی | بودجەی تەرخان کراو بۆ هاوکاریەکان لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | بودجەی زیاتری پێویست بۆ جێ بەجێکردنی پرۆیاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی | کۆی بودجەی گشتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠١٣ |
|---|---|---|---|
| ٢٩١٩٩٠٦٧٩٠٠٠٠ | ٤١٨٢٠٠٠٠٠٠٠٠ | ٢٥٠١٧٠٦٧٩٠٠٠٠ | ١٥ تریلیۆن و ٢٥٧ ملیارو ٨٤٩ ملیۆن دینار |
| ٢ تریلیۆن و٩١٩ ملیار و ٩٠٦ ملیۆن و ٧٩٠ هەزار | ٤١٨ملیار دینار و ٢٠٠ ملیۆن | ٢ تریلیۆن و ٥٠١ ملیارو ٧٠٦ ملیۆن و ٧٩٠ هەزار | |

وەک لە خشتەی ژمارە (٣ و ٤) ئاماژە بە تێچووی سەرەتایی کرا بۆ جێ بەجێکردنی ئەو ریفۆرمەی کە پرۆژە یاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی مەبەستیەتی دەبینین کە بودجەیەکی زۆر زیاتر پێویستە تەرخان بکرێت بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە گەر بمانەوێت سیستەمێکی بیمەی کۆمەڵایەتی هەبێت وشیاوی جێبەجێکردنبێ بۆ ئێستا دەبێت واقیعیانە بیر بکەینەوە، بە واتایەکی تر حکومەت لەکاتی ئێستادا دەکرێت هاوکاری و بیمە بەو هاوڵاتیانە بدات کە کەمدەرامەتن، واتە بژێوی ژیانێکی شایستە بۆ ئەو گروپانە دابین بکات کە بێکارن، هیچ داهاتێکیان نیە یاخود کەمدەرامەتن. بەڵام بۆ قۆناغی دواتر دەکرێت مەودای سیستەمەکە فراوانتر بکرێت بەو مانایەی کە هەموو هاوڵاتیان بگرێتەوە، نمونەش بۆ ئەوە کە حکومەت بتوانێت داهاتێکی مانگانە بۆ هەموو منداڵێک لە هەرێم دابین بکات بەبێ ڕەچاوی کۆی گشتی داهاتی خێزانەکان.

## ڕاسپاردەکان

بێجگە لەو ڕاسپاردانەی کە لەخوارەوە نووسراون، چەند ڕاسپاردەیەکی تر لەم توێژینەوەیەدا لە بەشی "چەند تێبینی و پێشنیارێک لەبارەی پرۆژەیاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی لە لاپەرەکانی ١٢ – ١٧ بە وردەکارییەوە باسکراوە، بۆیە بۆ ڕاسپاردەی کۆتایی واچاکە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشنیارانەش کە لەوێ باسیان لێوەکراوە.

١. دەرکردنی یاسایەکی گشتگیر بە بیمە و هاوکاری بۆ هەموو ئەو گروپ و توێژانەی کە کەم تواناو کەمدارامەتن کە ناتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن. زۆر گرنگە، چونکە کۆمەڵێ کێشە چارەسەر دەکات، لەوانە کێشەی نادادپەروەری لە دابەشکردنەوەی سامانی وڵات، هەروەها پەرشوبڵاوی لە پێدانی ئەو کۆمەک و هاوکارییانەی کە ئێستا هەیە. حکومەت ڕێنمایی تایبەت دەربکات بۆ هەر گرووپێک بە پێیی تایبەتمەندی ئەو گروپە. بۆ نمونە گروپی خاوەن پێداویستی تایبەت، گروپی ژن، منداڵ و گروپی بێکار، هتد.

٢. لە یاسا گشتیەکەدا پێویست ناکات بڕی داهاتی مانگانە یان ئیمتیازات بۆ هەرگروپێک، دیاری بکرێت، بەڵکو دیاری کردنی بڕی هاوکاری و بیمە بۆ هەر گروپێک لە لایەن وەزارەتی دارایی و کارو کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت لەهامان کاتدا بە دیراسەکردنی بازاڕ دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی نرخی دراو گۆڕانکاری بەرسەر دادێت بە تێپەربوونی کات، بۆیە دەستکاریکردنی ڕێنمایی و گۆڕینی ئاسانترە وەک لە هەموارکردنەوەی یاسا گشتگیرەکە.

بەڵام لە یاساکەدا پێویستە چەند پێوەرێکی گشتی هەبێ، بۆ نمونە نابێ بڕی هاوکارییەکان لە کەمترین مووچەی ئاسایی (بە دەرماڵەوە) کە لە کەرتی گشتی دەدرێت زیاتر بێ.

٣. بنەمای سەرەکی بۆ پێدانی بیمەو هاریکارییەکان پێویستە لەسەر بنەمای داهاتی مانگانەی تاک بێ لە چوارچێوەی خێزان، نەک لەسەر بنەمای رەگەز یان هەر پۆلێنکردنێکی تر، بەو واتایەی کە ئایا تاکەکە کاری هەیە یان نا، ئەگەر کاری هەیە داهاتەکەی چەندە، دەگاتە ئاستی کەمترین مووچەی کەرتی گشتی یان نا، جا ئەو تاکە ژن بێ یان پیاو، کەم ئەندام بێ یان کورتە باڵا بێ یان کەسێکی ئاسایی، نابێ جیاکاری لەنێون تاکەکانی کۆمەڵگا بکرێ لەسەر ئەو بنەمایانە، بەڵکو دەکرێت لەسەر بنەمای بوونی کار و بڕی داهات بێ. دەربارەی گروپەکانی خاوەن پێداویستی تایبەت ، دۆخە جیاوزەکانی جەستەیی (کورتەباڵاکان) و پیرو پەککەوتەکان دەکرێت پانتایی بیمەی تەندروستی بۆ ئەو گروپانە فراوان تر بێت وەک لە کەسانی تر، بۆ نمونە دابینکردنی کەڵ وپەلی ئاسانکاری بۆ کاری رۆژانە، دەکریت حکومەت بۆیان ئامادە بکات گەر لە توانای دارایی ئەو گروپانە دا نەبوو. یاخود دابینکردنی کارمەند یان کەسێک بۆ یارمەتیدانیان بۆ بەڕێکردنی ئێش و کاری ڕۆژانەیان.

٤. دەکرێت میکانیزمەکانی ڕێگرتنلە خراپ سودوەرگرتن لە یاساگشتییەکەی چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی بخرێتە ڕوو، ئەمەش بۆ ڕێگریکردن لە گواستنەوە لە بازاڕی کار بۆ بێکاری و لە دروستبوونی کۆمەڵگایەکی تەمبەڵ.

٥. یاسا گشتییەکە دەبێت توانای جێبەجێکردنی هەبێت، واتە دەکرێت سەرچاوەکانی جێبەجێکردنی هەبێت، بەتایبەتی سەرچاوەی دارایی. لەم قۆناغەی ئێستادا دەکرێت دەستگیرۆیی ئەوکەسانە بکرێت کەبێدەرامەت یاخود کەمدەرامەتن، واتە پەیڕەوی بیمەی تایبەت بکرێت بۆ قۆناغی یەکەم. بەڵام بۆ قۆناغی داهاتوو دەتوانرێت بیمەی گشتی فەراهەم بکرێت بۆ هەموو هاوڵاتیان وەک پارەی مانگانە بۆ هەموو منداڵێک تا دەگاتە تەمەنی ١٨ ساڵی. ئەمەش دەکرێت جێبەجێ بکرێت ئەگەر پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی مووچە کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە ببێت بە یاسا و جێبەجێ بکرێت، دواتر ڕێژەی باج لەسەر مووچەکان بە ڕێژەیەکی کەم زیاد بکرێت. لەم ڕێگەیەوە حکومەت بە دوو شێوە یارمەتی هاوڵاتی دەدات، لەلایەک ئاستی بژێوی ژیانێکی بەرزتر دابین دەکات بۆ ئەو هاوڵاتیانەی کە کار دەکەن، هەروەها ژیانێکی شایستەش بۆ ئەوانە دابین دەکات کە بێکارن یان داهاتیان نیە، لەهەمان کاتدا حکومەت بەشیک لەو پارەیەی بۆ دەگەرێتەوە لە ڕێگەی باج.

٦. ئەگەر لە کاتی ئێستادا لە توانای حکومەت دا نەبوو کە سەرچاوەی دارایی پێویست دابین بکات بۆ جێ بەجێکردنی ڕێفۆرمی ناوبراو، ئەوا مەرج نیە پاکێجی ریفۆرمەکە هەمووی بەیەک جار جێبەجێ بکرێت، بەڵکو دەکرێت وەک قۆناغی یەکەم ئەولەویەت بەو گروپانە بدرێت کە بێدەرامەت یان کەمدەرامەتن، بۆ قۆناغی دواتر دەکرێت مەودای سیستەمەکە فراوانتر بکرێت.

٧. یەکخستنەوەی هەموو ئەو هاوکارییانەی کە لە لایەنی حکومەت و حزبەکانەوە دەدرێت بە هاوڵاتیان بە ناوی جیاجیا، هەروەها دووبارە دابەش کردنەوەی ئەو مووچەو هاوکارییانە لەسەر بنەمایەکی دادپەرەرانەو ئەو پێوەرانەی کە لەم توژینەوەیەدا باس کراوە.

٨. .هەربڕیاریک کە دەربارەی هاوکاری و بیمەی تاک دەدرێت، دەکرێت لە سەرداوای تاکەکەوە قابیلی هەموار کردنەوە بێت، واتە ئەگەر هاوڵاتییەک هەستی کرد کەمافی تەواوی پێنەدراوە دەکرێت بواریک بەو هاوڵاتییە بدرێت کە دەنگی نارەزایی خۆی بگەیەنێت. داواکە دەکرێت بەرز بکرێتەوە تەنانەت بۆ دادگای باڵا ئەگەر پێویست بوو یاخود بتوانێت دەنگی ناڕەزایی بگەیەنێتە پەرلەمان.

# سەرچاوەکان

## دۆکومێنت


Socialförsäkringsbalk 2010(Sweden)
Socialförsäkringen i Sverige. Regeringskansliet 2014-8-13
Esping-Andersen, Gøsta.The Three Worlds of Welfare Capitalism.PrincetonUniversity Press. 1990

پێناس و کار، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر. ٢٠١١

راپۆرتی بەدواداچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان. وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ٢٠١٢

ڕاگەیاندنی رۆژنامەوانی وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٢٠١٢

بەڵگەنامەی سیاسەتی بەکارخستن لە هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ٢٠١٣

دانا سەعید سۆفی، ٩٣ پرۆژەیاسای خولی سێهەم، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان، ٢٠١٤

یاسای ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠١١، یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان _ عێراق

یاسای ژمارە ٣٤ ی ساڵی ٢٠٠٤، یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی _ عێراق.

یاسای بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆساڵی دارایی ٢٠١٣

بڕیاری ژمارە ٩٠٧٠ بەرواری ٢٠١١/٧/٧ ئەنجومەنی وەزیران، هاوکاریکردنی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بەدەستەی خوێندنی تەکنیکی (حکومییەکان) لە هەرێمی کوردستان

سلم الرواتب في العراق وفق القانون رقم 22 لسنة 2008


### پرۆژە یاسابەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا:

### پرۆژە یاساکانی خولی سێهەم:


پرۆژەیاسای گرنگیدان بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان

پرۆژەیاسای مافەکانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان_ عێراق

پرۆژەیاسای تایبەت بە کورتەباڵا

ڕەشنووسی پرۆژەیاسای مافەکانی کورتەباڵاکان / هەرێمی کوردستان

پێشنیازی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ ژنیماڵەوە

پرۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی ئافرەتانی ناوماڵ

مشروع قانون رعايه المسنين فى اقليم كوردستان


### پرۆژە یاساکانی خولی چوارەم کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە:


پرۆژەیاسای چاودێری و هاریکاری کۆمەڵایەتی

پرۆژەیاسای هاوکاری بۆ ئافرەتی بێ هاوسەر

پرۆژەیاسای پێشنیاری یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کابانی ماڵ

پرۆژەیاسای تایبەت بە کورتەباڵاکان

پرۆژەیاسای چاودێری بەساڵاچووان

پرۆژەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵی بێ باوک

پرۆژە یاسای "پشکی هاونیشتیمانیان لە سامانە سروشتیەکان"
پرۆژەیاسای هەموارکردنەوەی مووچە
پرۆژەیاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی، پێشکەش کراوە بە پەرلەمان، بەڵام خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە

## ڕێنمایی وەزارەتەکان

ڕێنمایی ژمارە ٢ ی ساڵی ٢٠١٢ ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان _ عێراق، وەزارەتی کارو و کاروباری کۆمەڵایەتی
ڕێنمایی دارایی ژمارە ١٢ ساڵی ٢٠١٣ مووچەی بەخێوکەرانی کەم ئەندامان، لە وەزارەتی داراییەوە بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
ڕێنمایی دارایی ژمارە ٢٢ ی ساڵی ٢٠١١تایبەت بە موچەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی دارایی
ڕێنمایی ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠١٣ دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومی لە هەرێمی کوردستان
ڕێنمایی ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٢ دەستنیشان کردنی پلەی پەککەوتن بۆ کورتەباڵاکان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی
داتا وزانیاری وەرگیراو لە وەزارەتی پلاندان
داتا و زانیاری وەرگیراو لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

## چاوپێکەوتن

د. عارف حیتو، بەڕێوەبەری گشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارو دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
ڤیان یوسف ئەلیا ڕاوێژکاری پێشکەوتوو لە پەرلەمانی کوردستان، بەڕێوەبەری گشتی پێشووی دیوانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەرزش و لاوان
بەیان حسن ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی بودجە، وەزارەتی دارایی
ئەحمەد خورشید ڕەشید، بەڕێوەبەری بەشی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر
کاردۆ محمەد پیرداود، ڕاوێژکار لەپەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتاری پێشوو
دڵشاد مەحمود سەلمان، توێژەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی
صلاح ئەنوەر حەمەد، ڕاوێژکار لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
دانا سەعید سۆفی، سەرۆکی ئەنیستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان، پەرلەمانتاری پێشوو

## دیداری تەلەفۆنی

هەڤاڵ جەمال، بەڕێوەبەری بەشی گرێبەستەکان و لە بەشی یاسایی وەزارەتی تەندروستی
ئیکرام حەمە کەریم، بەڕێوەبەری بەشی پلان لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی
نصرالله (ناسروا بە سەرکەوتە ڕەش) ڕاوێژکار لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی
ئەحمەد خورشید ڕەشید، بەڕێوەبەری بەشی پلان لە بەڕێوەبەرایەتی دەشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەولێر
برایمی موهەندیس، بەڕێوەبەری گشتی چاودێری لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی
موزەفەر هەمزە، بەڕێوەبەری هەماهەنگی و پلان لە وەزارەتی پلاندانان
ئومێد شوانی، بەڕێوەبەر لە وەزارەتی خوێندنی باڵا.